## ***بۆ جوانترین کوڕی شارم***



**مۆنا دلبەری**

ئەم ئێوارە، دیسان دڵەکەم تاسەی پیاسەی ناو شۆستەکانی ڕۆحتی کردوە
دیسان دڵم تەنگە و بیری جێژوانی ئێوارانی دەربەندی عاشقانی شارتی کردوە
ئازیزەکەم، باوانەکەم لێوەکانم لە دووری ماچی سەر گۆنات وشك هەڵاتوە
گۆی مەمکەکانم لە دووری دەستە گەرمەکانی تۆ، شەق شەق هەڵاتوە
باوانم لە کوێی؟ بێزارم لە دووریت و خەریکە دڵم شەق دەبا
بیر و خەیاڵی تۆ و ماچەکانی ژێر ملت خەریکە دڵم بۆلای خۆی دەبا
باوانەکەم، دڵەکەم رۆحەکەم ئەی کوڕە جوانەکەی مەڵبەندی دیاری ئاشقانم
ئەی تابلۆی خۆشەویستی دیەکانم، ئەی پیرۆزترین خودای ئایینەکانم
وڕەوە بۆلام، با لەئامێزت بگرم و تێر تێر راتگوشم بەلەشی تەنیاییمەوە
بین بە لێوەکانتەوە نێم و هەناسەی تۆی جوانی لە نێو دڵم زیندوو کەمەوە
ئاخ چەن شەوە لە دووریت هەودای فرینێکی بێگەرانەوە، لەسەر مێشکم بارە
نازانم چی بکەم لەکام ئاشقی گەڕەك بپرسم هۆی سوکنای ئەو دڵەبریندارە
تۆ رۆیشتی و بەجێت هێشتم، نەت پرسی بەجارێ لەو فرمێسکی سەر گۆنام
ئاخر چۆن وادەبێ نازدارەکەم، ئەی جوانترین کوڕی شار و هاورێی دڵی تەنیام
وەرە جێژوان ئاوەدان کەینەوە لەخۆشی ماچی سەر گۆناکان
وەرە دەستی یەك بگرین و قاقا پێکەنین و ڕەشبەڵەکی بگێرین لەدەوری کوڕ و کچان